


# لەم ژمارەیەوە ڕامان مانگانە دەردەچێتەوە

سەرنووسەر

* بە دەرچوونی ئەم ژمارەیەی ڕامان زۆر ئاسوودەم، ئەو ڕووداوە بە ڕۆژێکی گەشی ژیانم دەزانم، ئیدی گۆڤارەکەمان وەک جاری جاران گەڕایەوە دۆخی ئاسایی خۆی و لە مەولا مانگانە دێتەوە بەردەست و دیدەتان، گومانم لەوەشدا نییە سەرلەنوێ دەرچوونەوەی (ڕامان)ی مانگانە چەند منی پێ کەیفساز بووم، ئەوەندەش دەبێتە مایەی دڵخۆشیی نووسەران و خوێنەران. ئەم هەنگاوە کارێکی وا دەکات پتر لە جاران پرد و ڕایەڵی پێوەندییەکانمان لەگەڵ نووسەران توندوتۆڵ و تۆکمەتر بکەینەوە، پێوەندیشمان لەگەڵ خوێنەرەکانمان لە جاران قایم و پتەوتر بکەینەوە. لێرە بەدواوە ڕامان باشتر بە بڵاوکردنەوەی نووسین و داهێنانی داهێنەکانمان ڕادەگات، لێرەوە بە پێویستی دەزانین داوای لێبوردن لەو نووسەرانە بکەین کە بەهۆی ئەو دۆخە نەخوازراوەوە، ئەگەر بەرهەمەکانیان درەنگ بڵاوبووبێتەوە، ئەوانەی لەگەڵمان پشوودرێژ بوون، نازیان بەسەرمانەوە هەیە و دەکرێ لە داهاتوودا بایەخی زیاتر بە بابەتەکانیان بدرێ و بە زوو بڵاوکردنەوەیان قەرەبوویان بکەینەوە.

* هەرگیز بە خەیاڵماندا نەدەهات ڕۆژێک گۆڤارەکەمان ڕابوەستێ، یان بە دوو مانگ جارێک دەربچێ، ئەوە بارودۆخێکی ناهەموار بەسەرماندا سەپاند، ئەمڕۆ بە پێداگری زۆری ئێمە و بە هیمەتی کەسانی خەمخۆر، گۆڤارەکەمان کرایەوە مانگانە، پاش ئەوەی لە ژمارە (٢٧٤)ـەوە تا (٣٠٩ – ٣١٠) بە جووت ژمارەیی دەرچوو، ئومێدەوارم جارێکی دی دۆخی وەها خراپ بە خۆمانەوە نەبینین. هەر بەبۆنەی ڕاگەیاندنی موژدەی دەرچوونی (ڕامان)ی مانگانەوە، سپاسێکی بێپایانی نووسەر و هاوکارەکانمان دەکەین کاتێ لە ساڵی (٢٠١٤)ـەوە پاداشتی نووسین ڕاگیرا تا دوا ژمارە ئەوان دەروەست نەبوون و بێ بەرانبەر بۆیان دەنووسین، تەنانەت هەبوون دەیانگوت ئامادەین پێتاک بۆ بەردەوامبوونی ڕامان کۆ بکەینەوە، ئەوانیش بوون بە گوڕوتینتر چاکی مەردانەیان لێ کرد بەلادا و بێ پسانەوە و بە هەموو شێوەیەک پشتیوانییان لە گۆڤارە دڵخوازەکەی خۆیان کرد، بگرە هەرچیمان پێ دەسپاردن و داوامان لێ دەکردن، بە دەنگمانەوە دەهاتن و کاریان بۆ کردین، ئێستەش دڵنیام جاران چۆن بوون، لەمەولاش بە هەمان کەفوکوڵ کە ئێمەیان لەسەر ڕاهێناوە لەگەڵمان بەردەوام دەبن و بە نووسینە ناوازە و دانسقە و تایبەتییەکانیانەوە زیاتر ڕامان دەوڵەمەند دەکەن و دەڕازێننەوە، تەنیا مەرجی ئێمە ئەوەیە بابەتەکانیان لە هیچ شوێنێکی دی بڵاونەکرابنەوە و ڕەچاوی ڕێباز (نهج)ی گۆڤارەکەمان بکەن کە لە سەرەتاوە لەسەری ڕۆیشتووین.

* لە ئاییندەیەکی نزیکیش نیازمان وایە فیستیڤاڵی ڕامان، ساڵانە لە هەولێری پایتەخت ساز بکەین کە هەر ساڵەی لەسەر تەوەرێکی گرنگ ئیش دەکەین، بۆ ئەو مەبەستەش ڕووناکبیران هان دەدەین و دەمانەوێ ئەم چالاکییە کولتوورییە وەک نەریتێکی ساڵانە، ببێتە گردبوونەوەیەکی گەورە و تەکانێک بە بزاڤی ڕۆشنبیریی و ئەدەبیمان بدەین، بەمەش برەوی زیاتر بە ژیانی کولتووریی کوردەواری بدرێ و بیبووژێنینەوە. لەم ئەرکە نەتەوەییەشدا چاوەڕێی قەڵەمە داهێن و کارا و جیددییەکانین کە بە بەشداربوون و پێشنیارەکانیان، ئەو فیستیڤاڵە سەربخەن.

* ماوە بڵێم: برام د. سالار عوسمان، بۆ مێژوو دەیڵێم تۆ لەمێژە ڕێزت لە ڕەنج و تەقالای ئێمە گرتووە و (ڕامان)ت بە قەدەر ئێمە خۆش ویستووە، کورد واتەنی: قەدری زێڕ لەلای زێڕینگەرە، سپاس کە قسەی خۆت بردە سەر.